# چ وشەیەک شایستەی پێگەی (هۆشیار زێباری)یە!؟

جەمال عەزیز

ئەوەی لەدنیای سیاسەت تێگەشتبێ دەزانێ سیاسەت گەمەیەکە بۆ مەرام، بەڵام نەک گەمەیەکی هەمیشە دۆڕاو.

خەباتی گەلی کورد بۆ ڕزگاربوون لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و پاراستنی زمان و سنوور و فەرهەنگی نەتەوەیی خەباتێکی ڕەوایە بۆ گەلی کوردە، هەر ڕوانگەی ئەو خەباتەوە کورد توانیویەتی زۆر لە ناوداران و ئازادیخوازانی جیهان بکا بە دۆستی کورد و داکۆکیکەر لە داوا ڕەواکانی گەلەکەی، تەنیا گەلیش لە جیهاندا بەو ڕێژە زۆرە کە تاکو ئەمڕۆ خاوەنی قەوارەی سەربەخۆ نەبێ تەنیا گەلی کوردە، ڕاستە هۆکارە دەرەکییەکان کاریگەرن، بەڵام هۆکارە ناوخۆییەکانیش کەم نین.

زۆرینەی خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستییە دەزانن هۆشیار زێباری ڕۆبۆتێکی قورمیش کراوە، ئەو ڕاستیەش دەزانن کە هۆشیار زێباری توانای هەڵگرتنی تاقە بەردێکی نییە بە ڕووی دوژمنانی گەلی کوردی بهاوێژێ، هەر دانیشتوویەکی نێو خاکی کوردستان بە هیوای بەدیهاتنی ئاواتەکانی کورد بێ لەسەر دەستی هۆشیار زێباری و هوشیارەکانیتری وەک ئەو.. ئەوە من زۆر بە ڕاشکاوی دەیڵێم ئەو کەسە کەسێکی نا هۆشیارە، ئەم هۆشیار زێبارییە لە یەکەم گەڕانەوەی لە بەریتانیاوە بۆ کوردستان پاش کۆبوونەوەی هێزە بەرهەڵسکارەکانی ڕژێمی پێشووی عێراق خێرا خۆی گەیاندە تورکیا و هەموو باس و خواسێکی ناو کۆبوونەوەکەی بۆ تورکەکان باس کرد، خاڵێکی زۆر گرنگ وەک ئەمەکێک بۆ تورکان لە لایەن هوشیار زێبارییەوە هاتە ئاشکراکردن باسی چارەنووسی کورد و کوردستان بوو لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ئەو بەرنامەیە هێندە گرنگ بوو بۆ کورد و چارەنووسەکەی کە تورکەکانی شێرزەکرد و خێرا خۆیان گەیاندە لای ئەمەریکایی و ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی دژایەتی خۆیان بۆ مافەکانی کورد دووپات بکەنەوە، ئامادەشبوون هەموو داواکارییەکی وڵاتانی زلهێز جێبەجێ بکەن بە مەرجێ باس لە دەوڵەتی کوردی نەکرێ پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، وڵاتانی زلهێز سەرسوڕمانی خۆیان لە چۆنێتی گەیاندنی ئەو هەواڵە بۆ تورکەکان دەربڕی، من دەپرسم ئایە لە فەرهەنگی هەموو جیهاندا ئەگەر مرۆڤێک ئەمە کردەوەی بێت چ ناوێکی لێدەوەشێتەوە!؟ یاخود دەبێ چۆن سەیر بکرێ؟ لە ریزی گەل دادەنرێ یان لە بەرەی دژ بە گەل؟ سەرۆکی پارتەکەی هۆشیار زێباری کە دەکاتە خوشکەزای ئەو.. لە هیچ جێیەک و لە هیچ گۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی نالێ خەباتی گەلی کورد - لە هەرپارچەیەکی کوردستان بێ -

خەباتێکی ناڕەوایە،  وشەی تیرۆرست ڕەتدەکاتەوە بەرامبەر بە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان جا هەر کەسێک بیڵێ.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی بڵێین مەرج نییە هەر کەس سمێڵی زل بوو ئیتر ئاغایە، باوەڕناکەم هۆشیار زێباری یان ئەوانەی وەک ئەو بیر دەکەنەوە مۆرکی کوردایەتیان پێوەمابێ، گرنگ نییە گەر بە کوردیش بتوانن قسە بکەن هەروەک تەها یاسین ڕەمەزان، یان وەک تەها محێدین مەعروف کە هەردوکیان کورد بوون بەلام تاسەر ئێسقان دژی کورد بوون، کورد دەڵێ قسەیەک بکە گوێت لێبگرن، جێگەی خۆیەتی بپرسین لە هۆشیار زێباری ئایە لە هاوتا ئێرانییەکەتت پرسی هۆی ئەو هەموو لەسێدارەدانەی هاولاتیانی کورد کە ڕۆژانە کۆماری ئیسلامی ئێران چەندبارەیان دەکاتەوە؟ ئایە توانیت لە تورکەکان بپرسی بۆچی وشەی پیرۆزی کوردی یاساخ دەکەن؟ ئایە توانیت لە هاوتا ئێرانیەکەت بپرسی بۆ ڕۆژانە کوردستان تۆپباران دەکەن؟ کەواتە گەر ناتوانی کەمێک سۆزت بۆ کورد هەبێ، پێویستە بێدەنگ بی و لەبەر خاتری خاترداران ناوی کورد و شۆڕشەکەی بە تیرۆرست ناوزەند نەکەی.

هەرچەندە تۆ شالیاری دەرەوەی حکومەتی عێراقی و جێگەی کوردێکی دڵسۆز بە کوردستانت گرتووە لە حکومەتی عێراقدا، بەلام هێندەی دەکەم جگە لە وشەی (داگیرکەرپەرست) هیچ وشەیەکیتر نادۆزمەوە بتوانێ پڕ بە پێستی ئەو کارە بەناو دیبلۆماسییە پڕ لە شەرمەزارییانەت بێ کە لە چورچێوەی کاری شالیارییەکەت دژ بە خەباتی گەلی کورد و ئامانجەکانی ئەنجامیان دەدەی و سبەی دەبنە مێژوویەکی ڕەش بۆ نەوەکانی داهاتوومان، تۆ ناتوانی بڵێی ئەمە سیاسەتە و کاری شالیاریی ئەو جۆرە دیبلۆماسییەتەی پێویستە، گەر واش بێ ئەوە هەر دیبلۆماسییەت و سیاسەتێکی دۆڕاو و دژ بە گەلە.